هەبژاردەی تەپی پێی ئەرژەنتین نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بەدەستهێنا

هەبژاردەی تەپی پێی ئەرژەنتین نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بردەوە.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە لە کاتی هەولێر، لەمیانەی یاری کۆتایی پاڵەوانێتی جامی کۆپا ئەمریکا کە لە ویلایەتی مەیامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو، هەبژاردەی تەپی پێی ئەرژەنتین بە گۆڵێک بە بەرامبەر لە هەبژاردەی کۆلۆمبیای بردەوە و نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بە ساڵی 2024 بەدەستهێنا.

لاوتارا مارتینیز تاکە گۆڵی ئەم یارییەی تەمارکرد کە تێیدا لیۆنێل مەسی بەهێی پێکانەوە نێیتوانی یارییەکە تەواو بکات.

پۆلیسی مەیانی لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە "چەندین هووداو" پێش کردنەوەی دەرگاکانب یاریگاکە هوویانداوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، "ئەم هووداوانە لەئەنجامی هەسوکەوتی بەزارکێری هاندەران بوون کە هەوڵیان دەدا بگەنە یاریگاکە و داوا لە هەمووان دەکەین ئارام بگرن و پابەندی ئەو یاسایانە بن کە لەلایەن ئەفسەرەکانمان و ستافەکەمانەوە لە یاریگای هارد ڕۆک دانراون".